# شایەتەکانی ئەنفال لاوازنین ئێمە بەلاوازی لێیان دەروانین.

عومەرمحەمەد



بەرلەوەی بچمە سەر شایەتحالەکان دەمەوێت ئەوە بڵێم ، کەوا دۆسێی ئەنفال گەورەترین دۆسێی پێشیلکاریەکانی دژی مرۆڤو گەلێکی زۆرلێکراوە، دۆسێی ئەنفال لە دادگای باڵای تاوانەکانی عێراقدا، یەکێکە لەو دۆسێیانەی ئێستا چووتە قۆناغی دادگایکردنەوە، بێگومان دادگا لەم دۆسێیەدا تەنها پشت بە شایەتحالەکان نابەستێ بەڵکو شایەتحالەکان تەنها لایەنێکی دۆسێکەن، دەنا هێشتا قسە لەسەر کۆی ئەو بەڵگەنامانە نەکراوە کە دادگای لێکۆڵینەوە کۆی کردوونەتەوەو رەوانەی دادگای کردنو هێشتا دادگا نەچووتە سەریان، لەوانە گەورەترین بەڵگە کە جینۆسایدکردنی گەلی کورد ساغ دەکاتەوە بریاری 4008ی رژێمی بەغدایە، بۆ پاکتاوی گوندنشینەکانی کوردوهەموو ئەو کەسانەی رژێم خستونیەتەناو بازنەی سیاسەتی پاکتاوکردنەوە، ئەو بەڵگە نامەیە بەراشکاوی فەرمان دەداتە هێزە سەربازیو ئەمنیو موخابەراتیەکانی ناوچەی باکور کەوا نەك مرۆڤ بەڵکو هەموو زیندەوەرێك! لەناوچەقەدەغەکراوەکان هاتووچۆیان قەدەغەیەوهەموویان لەبەر رۆشنایی ئەو بریارەدا مەحکومن بە کوشتن، بە هەموو جۆرە چەکێك. علی حسن المجیدیش لە زۆر بۆنەدا پێی لە سەر برگە پێنجی ڕاسپاردەکانی بریاری 4008 نهێنیو بەپەلە ی فەرماندەیی مەکتەبی باکوور دادەگرت کە دەبێ دەقاودەق جێبەجێ بکرێت، ئەو کەسانەی لەو ناوچانە دەگێرێن دەبێت لێکۆڵینەوەیان لەگەڵدا بکرێتو زیندانی بکرێن، پیاوەکانیشیان لەتەمەنی 15 ساڵییەوە تا 70 ساڵی ئیعدام بکرێن. ئەمە جگە لەسەدان بەڵگە نامەی تری زیندوو کەئێستا لەبەردەمی دادگادان، یان ئەوانەی پێش دامەزراندنی دادگاو بگرە پێش روخانی رژێمی( سەدام حوسین) یش، جینۆسایدکردنی کوردو پاکتاوکردنی ساغکراوەتەوەو پێشنیاری پێشوەختی بۆکراوە، مەسحە مەیدانیەیەکەی ریکخراوی میدڵ ئێست ووچ لەمباریەوە باشترین راپۆرتی ئامادەکردووەو لەدادگاش دەبێتە گرنگترین بەڵگە، کە هەر ئەو راپۆرتە لەدادگای هۆڵنداش باشترین بەڵگەی ئامادەکراو بوو کە رێرەوەی دادوەری پشتی پێبەستبوو سەرەنجام جینۆسایدکردنی بەشێکی گەلی کوردی لە سەر ساغکرایەوە، ئەمە جگە لەوەی دادگای لاهای لە هۆڵندا بەرلە دادگای ناوخۆی عێراق جینۆسایدکردنی گەلی کوردی ساغکردووەتەوەو ئەمرۆ مەگەر هەر بەئەنقەست دەنا دادگای باڵای تاوانەکانی عێراق ناتوانێ پشت بە ئەنجامی ئەو دادگایە نەبەستێت.

بەهەر حاڵ ئەوەی ئێستا قسەلەسەردەکەین ئامادەبوونی شایەتوشکاتکەرانی کوردن لە دۆسێی ئەنفالدا، بەداخەوە بەگشتی خەڵکی بەپێی لێکدانەوەی خۆی قسە لە ئامادەبوونوقسەی شکاتکەرو شایەتحالەکان دەکەن، بەگشتی ئەوحەقیقەتە وەلا دەنێن کە ئەوانەی شایەتحاڵی راستەقینەی ئەنفالن ئەوکەسانەن کەوا خۆیان راونراونوگیراونوبەربۆمبی کیمیاویوفۆسفۆرو بۆمبی جۆراوجۆرکەوتوون، ئەوانەن کە لە زیندانەکانی تۆپزاواو نەوگرەسەلمانودوبز گەراونەتەوەوهەندێکیان هێشتا ترسی ئەنفال لەدڵودەروونیاندا جێگیرەوهەندێکیان برینداری چەکی کیمیاوین، بەو حالەشەوە راستگۆییەکی زۆر لەقسەکانیاندا دیارە، ئەوان بەشێوەیەکی گشتی هاتوون حیکایەتی ئەو زولمی جینۆسایدکردنە بگێرنەوە، ئەوان بۆ دەمبەدەمەی پارێزەرە بەکرێگیراوەکان نەچوون، ئەوان لەراستیدا چوون غەدرێك بگێرنەوەو لەبەرانبەردا غەدارێك بەسزای خۆیان بگەیەنن، بەپێچەوانەوە ئەوانەی لاوازن پارێزەرەکانی

سەدامو داروەستە ترۆكراوەكەی بەعسن، ئەوان هاتوون حەقیقەت بگێرنەوە، بەڵام ئەوانەی حەقیقەت چەواشەدەكەن، پارێزەرەكانی تاوانبارانن، كە نەك هەر بەلۆژیكێكی یاسای بیرناكەنەوەوقسەناكەن بەڵكو هەندێك جار گیلانەو هەندێكجاریش شۆڤینیانە قسەدەكەنودەستی كۆنەپەرستانەی خۆیان زیاتر ئاشكرادەكەن. تاكو ئێستا هیچ شایەتێك یان شكاتكارێك بە ئەندازەی پارێزەرەكانی تاوانباران دەرگیری فەلتەی نایاسایی نەبوون، هەرچەندە بەوان دەوترێ نەخوێندەواروئەو بەرێزانەش پێیاندەوترێت یاساناس. بەڵام دۆسێی ئەنفال ئەوەی بۆ ساغكردینەوە كەوا لەگەڵ تێپەربوونی زەمەنێكی زۆریش هێشتا زاكیرەی شایەتحالەكان باشەو دەتوانن گوزارشت لە جینۆسایدكردنی گەلێك بكەن. هێشتا خەڵكانێك دەبینین نازانم لەپەرۆشییانەوەیە یان لە تێری قسەدەكەن، كەوا دەخوازن شایەتحالەكان هەموویان پارێزەرێك بن بۆخۆیان. لەكاتێكدا من دەبینم پارێزەری تاوانباران تەنها وەزیفەیان ئەوەیە شایەتەكان چەواشەبكەنو دادگاكە ماتەڵ بكەن.